

# پژمەکەی چێرڤیاکۆڤ

**ئومێد حەمەعەلی- ڕووسیا**

یەکێک لە چیرۆکەکانی نووسەری گەورەی ڕووس «ئەنتۆن پاڤلۆڤیچ چێخەڤ»، چیرۆکێکە لەژێر ناونیشانی «مەرگی بەرپرس*»دا، لە خوێندنەوە و تێگەیشتنیدا منی ناچار بە ژیانکردن لە تەک و لە ناو ڕووداوەکانیدا، هەڵبەت سەرباری ئەو ساکارییەی کە لە یەکەم خانەی لەدایکبوونی ڕووداوی سەرەکیی چیرۆکەکەدا بەدی دەکرێت، کە بریتییە لە «پژمە»یەک.

ئیڤان دیمیتریچ چێرڤیاکۆڤ وەک پاڵەوان لە تەک ژەنراڵدا دەردەکەون، باس لە ئێوارەیەکی زۆر جوان و شاد دەکات، کە چێرڤیاکۆڤ لە یەکێک لە ئۆپێراکانی موزیکدانەری فەرەنسی «پلانکێت»دایە، ئەو هەست بە وەها کامەرانییەک دەکات، کە هەرگیز بەو شێوەیە هەستی پێ نەکردووە و هەرگیز هێندە شادومان نەبووە، بەڵام لە کتوپڕدا ڕووبەڕووی بارێکی ناهەموار دەبێتەوە، وەک چێخەڤ دەنووسێ، ژیان بۆ خۆی پڕاوپڕە لەو ڕێکەوت و سورپرێزانە، زۆر جاریش ئەوەی چاوەڕوان ناکرێت ڕوودەدات و دەشێ تەواوی ژیان سەراوژێر بکات، ئەم بارە بۆ چێرڤیاکۆڤ لە گرژبوونی دەموچاو و سەختبوونی هەناسەدان و زۆر ناڕەحەتبوونییەوە خۆدەردەخا، چاویلکەکەی دادەکەنێت و بەتوندی دەپژمێت.

هەڵبەت پژمە دیاریدەیەکی ئاسایی و سروشتیی مرۆڤە، هەموو کەسێک، کرێکارێک، سەربازێک، فەیلەسوفێک، یاخود بەرپرس و سەرۆکی وڵاتێک بێت دەپژمێت، بەڵام ڕەنگە چێرڤیاکۆڤ تێگەیشتنێکی دیکە و پێچەوانەی هەبێت، ئەو بە جۆرێکی دیکە مامەڵە لە تەک ئەو دۆخەدا دەکات، وەک وابێت، کە پژمە لە خەسڵەتەکانی ئەو بێت و ئەوانی دیکە ئاگاداری ئەو ڕاستییە گشتییە نەبن، تاکو بتوانن لەوە تێبگەن، کاتێک چێرڤیاکۆڤ دەپژمێت بە ئەنقەست نییە، بێگومان ئەم وێنایە دەشێ ڕووی هەرە ساکاری ئەم چیرۆکە بێت.

چێرڤیاکۆڤ و ژەنراڵ سەر بە دوو دنیای جیاوازن، دونیای چێرڤیاکۆڤ، دونیایەکە پڕە لە ئەفسانەی جیاواز لە بارەی دۆخ و سروشتی کەسانی باڵادەست و خودان پلەوپایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا، گوزارشتە لە دونیابینییەک، کە ژەنراڵ و ژەنراڵەکان لە سیفەتە مرۆییەکانیان دادەڕنێت و بە تەواوی وەک بوونەوەرێکی جیاواز و خودان سیفەتی سەرومرۆیی لێیان دەڕوانێت.

هەڵە نییە، ئەگەر بێژین ئەو دۆخە، گوزارشتیشە لە شەرمەزاربوون و شەرمنیی مرۆڤ لە ئاست سیفاتەکانی خۆیدا، پیشاندەری ڕاستییەکە، کە پەیوەندیی بە کۆمەڵگە و تاک بە تاکی کۆمەڵەوە هەیە، ئەویش بەو پێیەی گەلێک خەسڵەت هەن هاوبەشن لە نێوان مرۆڤەکاندا، بەڵام سەرەڕای ئەو هاوبەشییە، هەندێک لەو خاسیەتانە بوونەتە بەشێکی شورەیی ئامێزی ڕەفتاری مرۆڤ، تەنانەت دەرکەوتنیان ئەگەر بە ڕێکەوتیش بێت، دەبنە مایەی شەرمەزاربوون لە نێوان خەڵکاندا، خەڵکانێک کە خۆیان بەشێکن لە شەرمەزارییەکە و تەنها جیاییەک ئەوەیە هێشتا لە دۆخێکی ڕۆشندا ئەوان سیفەتە شەرمەزاریهێنەکەیان خۆی بەیاننەکردووە، ئەمە چیدیکەیە جگە لە دەبەنگیی مرۆڤ، کاتێک شەرمەزاردەبێت بە خاسیەتگەلێک کە گشت ئەوانی دیکە هەڵگرین، چ کۆمەڵێکی مرۆیی دەبەنگە کە تایبەتمەندیی ئەندامەکانی حەرام و شەرمەزاردەکات.

کاتێ چێرڤیاکۆڤ دەپژمێ و خۆی دەسڕێ، تەماشای دەوروبەری دەکا و دەبینێ کەسێکی مامناوەندی لە تەمەندا، کە لە کورسییەکەی پێشەوەیدا دانیشتووە، سەرقاڵی سڕینی مل و سەرە ڕووتاوەکەیەتی، لێرەوە شەرمەزاریی چێرڤیاکۆڤ دەستپێدەکات، لەبەر ئەوە ڕاستەوخۆ داوای لێبوردن کردن بە پێویست دەزانێ، بۆیە هەروا دەچێتە پێشەوە و وردەکۆکەیەکی بۆ دەکات

هەڵبەت پژمە دیاریدەیەکی ئاسایی و سروشتیی مرۆڤە، هەموو کەسێک، کرێکارێک، سەربازێک، فەیلەسوفێک، یاخود بەرپرس و سەرۆکی وڵاتێک بێت دەپژمێت، بەڵام ڕەنگە چێرڤیاکۆڤ تێگەیشتنێکی دیکە و پێچەوانەی هەبێت، ئەو بە جۆرێکی دیکە مامەڵە لە تەک ئەو دۆخەدا دەکات

# وتار

و داوای بەخشین لە ژەنراڵ دەکات، هەڵبەت سەرەتا ترس دایدەگرێت، چونکە بەو نیشانانەی بە جلوبەرگی ژەنراڵەوەیە، وا بۆ چێرڤیاکۆڤ دەردەکەوێ ژەنراڵ ئەو کەسەبێت، کە دەشێ زیان بۆ کارو ژیانی دروستبکات، هەرچەندە ژەنراڵ بەرپرسەکەی چێرڤیاکۆڤ نییە و کەسێکی دیکەیە، بەڵام وەک تەواو کارلەکارترازابێت و چیدی گەڕانەوە نەبێت، وەک وابێت، چێرڤیاکۆڤ هەموو شتێک وەلابنێت و تەنها ئامانجێک بۆ ژیانی خۆی دیاری بکات، ئەویش وەدەستهێنانی بەخشین و لێبوردەیی نێوان مرۆڤەکان بێ، ئیدی ناگەڕێتەوە خاڵی یەکەم، ئیدی چێرڤیاکۆڤ دەچێتە سەفەرێکی ئەبەدییەوە. لە وەڵامدا ژەنراڵ دەڵێ: هیچ نییە، هیچ نییە، پاش ئەوەی چێرڤیاکۆڤ ڕوونی دەکاتەوە، کە بەهیچ جۆرێک بە ئەنقەست ئەو کارەی نەکردووە، هەڵبەت نازانم بۆ، بەڵام ڕەنگە لە گەمژەییدا بێت، یاخود لە نادڵنیاییدا چێرڤیاکۆڤ تکاکەی دووبارە دەکاتەوە و دەبێژێ: «لەبەر خوا.... بمبوورن.... لەبەرئەوەی من ئەوەم نەخواستبوو»، ئەمە لە چرکەساتێکدایە، کە هەموو گوێیان بۆ ئۆپێراکە شلکردووە، بۆیە ژەنراڵ ئەوها وەڵام دەداتەوە «تکایە دانیشن.. بهێڵن با گوێبگرین» بەم شێوەیە چێرڤیاکۆڤ شەرمەزارییەکی زیاتر دایدەگرێت، سەرباری ئەوە بە خەندەوە و بە گەمژەییەکەوە دانیشتەوە و چاوبڕییەوە ئۆپێراکە، بەڵام چێرڤیاکۆڤ چیدی شادمان نەبوو، وەک چۆن لە سەرەتادا وەهابوو، ئەو هێندە ئازاری چەشت و شەرمەزاربوو، تروسکایی کامەرانی و شادی لە لای نەما. لێرەدا مرۆڤ لەوە تێدەگات کە چ گاڵتەجارییەکە ئەوەی پێی دەگوترێ بەختەوەری، شادمانی، خەندە، ئەوانە چ چرکەساتگەلێکی کورتماوە و تەمەنکورتن، تەنانەت لە ئاست بارێکی بچوکی وەک ئەوەی بەسەر چێرڤیاکۆڤدا دێت خۆناگرن و دەفڕن و دەتاوێنەوە و دەمرن، تەنها ڕێککەوتێکی ئەوها نەگریس بەسە بۆ ئەوەی تەواوی ساتە شادمانییەک بەربادببێت و بە تەواوی نیگەرانی شوێنی بگرێتەوە. بەڵام ڕەنگە نیگەرانی شوناسە ڕاستینەکەی مرۆڤ بێت، ئەمە دیوە ڕەسەنەکەی ئەو بێت، کە بریتییە لە نیگەرانییەکی ئەبەدی دەربارەی هەموو شتێک، دەربارەی بوون، کە بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆژیانەی بوونی مرۆڤە و ناشێ لێی جودا ببێتەوە، بۆیە دروستە گەر بێژین نیگەرانی هێمای گەورەتر و قوڵتری ڕەسەنبوونە، نەک شادمانی مرۆڤ، نیگەرانی پەیوەستی ئامادەگییەکی ڕاستەقینەی مرۆڤە لە دونیادا.

چێرڤیاکۆڤ لە ڕێستەکەدا، هەمدیسان لە ژەنراڵ نزیک دەبێتەوە، هەوڵدەدات بەسەر شەرمنییەکەیدا زاڵببێت، دەستدەکاتەوە بە بۆڵەبۆڵ و هەمان قەوانی پێشتر لێدەداتەوە، هەر لەبەر ئەوە ژەنراڵ بەشێوەیەک لە شێوەکان توڕە دەبێت و دەڵێت: «ئاخ.... دە بەسە..... من هەر لەبیرم کردبوو.... بەڵام تۆ هەر دەیڵێیتەوە!»بەم شێوە دووراو نائارامانە بەشی خوارەوەی لێوی جوڵاند.

سەرباری ئەو ڕوونی و توندییەی لە وەڵامەکەی ژەنراڵدا هەبوو، بەڵام نەیتوانی چێرڤیاکۆڤ بگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە لە ئامانجەکەی خۆی دەستبەرداربوون ڕابگەیەنێت، چونکە ئەو بەردەوام هەست بە نائارامییەک دەکات، کە بەشێکی لە موئەدەبی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ و بەشێکی دیکەی دەرهاویشتەی ئەو ترسە کۆمەڵایەتی و

سیاسییەیە، کە هەم کۆمەڵگە بینای کردووە، هەم دەسەڵات و کاراکتەرەکانی ناوی دەستیان هەیە لە خولْقاندنیدا، هەرلەبەر ئەوەیە چێرڤیاکۆڤ بەو ڕادەیە لە نائارامی و شڵەژاندا دەژی، هەرچەندە دەشیا بڕوات و تەنها جارێک داوای بەخشین بکات و ئیتر بەس، بەڵام نەخێر، ئەو لە هەموو ڕستەیەکی ژەنراڵ بەگومانە، ڕەنگە گومانەکەی چێرڤیاکۆڤ لە جێگەی خۆیدابێت، ئەمەش لەبەرئەوەی بەرپرسە سیاسی و کارگێڕە دەوڵەتییەکان بە زەحمەت ڕاستی دەبێژن، تەنها مەگەر ناچاربن، ڕەنگە ئەوان وا خۆیان پەروەردە بکەن، کە ڕاستی تەنها وەک چەکێکی دەگمەن بەکاربهێنن، لەکاتێکدا بەپێویستی بزانن، بەڵام لە ساتی دیکەدا زیاتر بە ماسکەوە خۆدەردەخەن، هەموو سیاسی و دەسەڵاتدارێک ماسکێکی گەرەکە، تاکو بەردەوام یان زۆربەی کات خۆی لەبنەوە حەشاربدات.

چێرڤیاکۆڤ گەڕایەوە ماڵەوە و ڕووداوەکەی بۆ هاوسەرەکەی باسکرد، بەڵام هاوسەرەکەی هەندێک ساویلکانە سەرنجی لە ڕووداوەکە دا و لە سەرەتادا ترسا، بەڵام کاتێ ئەوەی زانی ژەنراڵ ئەو کەسە نییە، کە بەرپرسی مێردەکەیەتی ئیدی هێمن بووەوە و بە چێرڤیاکۆڤی گوت: «هەرچۆنێک بێت بچۆرە لای ژەنراڵ و داوای لێبووردنی لێ بکە، با وا بیرنەکاتەوە، کە تۆ ناتوانیت کەسیەتیی خۆت لە نێو خەڵکدا ڕابگریت»، ئەوە دەزانین، کە خەمی هاوسەرەکەی چێرڤیاکۆڤ لە دواجاردا دەبێتە خەمێکی کۆمەڵایەتی، هەرچەند لە سەرەتادا تەواو ترسێکی ئابوورییانە بوو، کە بێگومان لە نیگەرانیی ئەوەوە دەربارەی لەدەستچوونی دەرفەتی کارکردنی مێردەکەیەوە سەرچاوەی دەگرت، ئەم دۆخە، دۆخی چێرڤیاکۆڤیشە هەندێک قوڵتر و کاریگەرتر.

چێرڤیاکۆڤ لە سەفەرەکەیدا بەردەوامە، دیسان خۆی دەگەیەنێتە لای ژەنراڵ، ئەمجارە لە شوێنی کارەکەیدا، هەم داوای بەخشین دەکات و پاکانە دەکا و باس لە پەشیمانبوونی خۆی و بێ مەبەستی خۆی دەکا. دیارە بەڕادەیەک گەمژانە دێتە پێشچاو، کە ژەنراڵ بە زبری دەبێژێ: «ئەمە چ پوچییەکە... هەر خودا ئەمە دەزانێ!»، ئەمە وەڵامێکی هێندە بریندارکەرە، کە دەشێ مرۆڤ پێی بمرێ! هەرچەندە چێرڤیاکۆڤ ڕەنگی زەردهەڵگەڕا و عەسەبی بوو، بەڵام کۆڵی نەدا، بە خۆی گوت: «نەخێر، ئەمە ئەوها نابێت بەجێبهێڵم، پێویستە خۆم بۆی ڕوونبکەمەوە».

ئەم سەرکێشییەی چێرڤیاکۆڤ لەپێناو وەدەستهێنانی «بەخشین»ەکەی ژەنراڵدا ئێجگار تولانییە، کۆتاییەکی تراژیدیی هەیە، پێش ئەوەی ڕووبەڕووی تراژیدیای چێرڤیاکۆڤ ببینەوە، هەوڵەکانی دیکەی ئەو سەرنجمان بۆخۆیان کێشدەکەن، بەشکڵێک، کە ناکرێت بەقوڵی دەرک بەو ڕاستییە نەکەین، کە لێبووردن بووەتە دواهەمین هیوای چێرڤیاکۆڤ، ئەو بە تەواوی وێڵ و شەیدای لێبووردن بووە، ئەو هەست بە گوناهێکی گەورەدەکا، سەرباری ئەو ترسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی هێمامان پێکرد، کە دەشێ بنەڕەتی گوڕوتینی بەردەوامی ئەو بن، ئیدی ئەوە تێدەگەین، کە ویستی چێرڤیاکۆڤ بۆ لێبوردەیی، بەشێوەیەک مەزنبووە، وەک خاڵێکی جەوهەری و ژیانی بۆ بوونی چێرڤیاکۆڤ سەقامگیربووە، لێبوردەیی لە هەنوکەدا بۆ ئەو یەکێک لە بنەڕەتیترینەکانی ئامانجەکانی بوونە.

# وتار

سەرباری خۆبەگەورەزانی و سوکایەتیپێکردنی ژەنراڵ لە ئاست چێرڤیاکۆڤدا، بەڵام ئەو کۆڵنادات، ئەمە شێوەیەکی جوانی یاخیبوونی مرۆڤە دژ بە زوو ماندووبوون لە پێناو لێبووردەییدا، لەتەک هەر پەیامێکی دیکەی چێرڤیاکۆڤدا و سەرەڕای هەر خوێندنەوەیەکی جودا، کە گوتار و ڕەفتارەکانی هەڵگرییێت، ئەو پەیامێکی کۆنکرێتی ڕادەگەیەنێ، کە من بەم شێوەیە هەڵی ئەهێنجم: «لێبووردەیی ئەوە دەهێنێت لە پێناویدا بمرین».

ژەنراڵ بەدەموچاوێکی گرژ و بە ڕاوەشاندنی توندو ئازاردەرانەی دەستەکانی بە ڕووی چێرڤیاکۆڤدا هەڵدەشاخێ، کە بۆ یەکەم جار چێرڤیاکۆڤ ناچار دەکات بەوەی بڵێت: «ژەنراڵ توانای تێگەیشتنی نییە»، ئەمە ساتێکی بەبایەخە، بەو واتایەی کە دەشێ ژەنراڵ لێرەدا وەک گوزارشتکەری دونیای دەسەلات تێبگەین، یان هەرجۆرە دەسەلاتێکی کولتووری و ئاینی و ئایدیۆلۆژی، کە بەزەحمەت لە جیاوازییەکان تێدەگەن و ڕێزیان دەگرن، ناتوانن خودان پەیامی لێبوردەیی بن، ئەگەر ئەو پەیامانە لە دەرەچوارچێوەی بنەما نەگۆڕەکانیانەوە بن.

ئیدی چێرڤیاکۆڤ بڕیاردەدات لەم ساتەوە بەهیچ جۆرێک نایەتەوە و ڕووبەڕوو داوای بەخشین لە ژەنراڵی خۆبەزلزان ناکات، هێندە تووڕەیە، کە لەبەر خۆیەوە دەڵێ: «ئەهریمەنت لەگەڵ» ئەی ژەنراڵ، بەڵام دەیهەوێ ئەوجا لە ڕێگەی نامەوە بۆ ژەنراڵ بنوسێت، ئەو گەیشتەوە ماڵەوە و، کەوتە ناو بیرکردنەوەوە دەربارەی نووسینی نامەیەک، کە بڕیاری دابوو بۆ ژەنراڵی بنێرێت، ئەو زوو تێگەیشت، کە قودرەتی نووسینی ئەو نامەیەی نییە و بۆیە هەم سووربوو لەسەر ئەوەی بیسەلمێنێت، کە پژمەکە ڕووداوێکی لەناکاوبووە و مەبەستی چێرڤیاکۆڤ ئەوە نەبووە بیپرژێنێت بە سەروگوێلاکی ژەنراڵدا. بۆ ڕۆژی دواتر چووە لای ژەنراڵ و بە ڕێزەوە وەک هەمیشە پێی گوت، گەورەم من ڕۆژی پێشتر هاتمە لاتان، تا ڕوونی بکەمەوە کە بەمەبەست نەبووە و هیچ کاتێکیش نەمویستووە بەئێوە پێبکەنم، هەڵبەت پێویستە ئاگاداری ئەوەبین، کە ڕۆژی بەرێ چێرڤیاکۆڤی بەوە تاوانبارکرد، کە گوایا ئەو هەر پێدەکەنێ! ئەو تۆمەتەی خرایە پاڵی زۆر بێزارکەربوو، مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ چێرڤیاکۆڤ، چونکە نەک نەیویستبوو پێبکەنێت، بەڵکو هەر بیریشی لێ نەکردبووەوە، ئێمە دەزانین لە قوڵاییەکانی داوا و خەونێکی ئەوها گەورە و جدیدا مەحاڵە مرۆڤ بتوانێ لە سۆنگەی گاڵتەجارییەوە پێبکەنێت، بۆیە چێرڤیاکۆڤ درێژەدەدات بە ڕوونکردنەوە و سەلماندنی ناڕاستی ئەو و دروستی و ڕاستگۆیی قسەکانی خۆی و بەوپەڕی سەرسامییەوە ڕوودەکاتە ژەنراڵ و دەپرسێت: «چۆن من دەتوانم پێبکەنم؟»، بەردەوام دەبێت و دەگاتە ئاستە باڵاکانی بیرکردنەوە دەربارەی ڕێزی کەسیەتیی مرۆڤ و دەڵێت: «ئەگەر ئێمە لە وەها کاتێکدا پێبکەنین، ئەوە مانای بێڕێزیکردنە بە کەسیەتیی مرۆڤ».

ژەنراڵ لە پاش ئەو جدییەت و دەربڕینە بەرزەی چێرڤیاکۆڤ، وەک هەموو مرۆڤە خۆبەزلزانەکان و دەسەڵاتدارە ستەمکارە سیاسی و نەریتییەکان، وەک ئەوانەی کە خۆیان وەک خاوەنداری حەقیقەتی ڕەها پێناس دەکەن، توانای تەحەمولکردنی نامێنێت، چونکە ئەو کاتەی مرۆڤ دەگاتە دواڕادەی جدیبوون

لە پەیامە گەورە مرۆییەکانیدا، ئیدی هەموو شەرمنییەک و ترسێک خاپوردەکات و تواناکانی زاڵبوون تێیدا گەورەدەبن. مرۆڤ لە ساتگەلێکی ئەوهادا هیچ سڵێک لە جاڕدانی پەیامی ئازادی و ئاشتی و لێبوردەیی و ڕێزگرتنی ئینسان ناکاتەوە، بەم شێوە هیچ دەرفەت و هەڵبژاردەیەکیش بۆ ژەنراڵ و ژەنراڵەکان ناهێڵێتەوە، یان دەبێت ڕادەستی پەیامی مرۆڤانە ببن، یاخود وەک سیفەتی هەمیشەیی خۆیان ڕووبەڕووی ئەو پەیامە بەرزانە ببنەوە.

هەر لەبەر ئەوە بوو، کە لە دواهەمین پلەی جدییەتی گوتاری مرۆڤانەی چێرڤیاکۆڤدا، ژەنراڵ دەگاتە کۆتا پلەی دەمارگیریی خۆی و بەدەنگێکی قیرەئاسا و بە ڕەنگێکی شینهەڵگەڕاوەوە، کە لە تورەییدا دەستەکانیشی دەلەرزن، دەڵێ: «برۆ.... دە رە وە!»، چێرڤیاکۆڤ هەرچەندە دەترسێ، بەڵام بە کزەدەنگێکەوە دەپرسێت «چییە... چی؟»، ژەنراڵ بە تورەبوونێکی ناشیرینترەوە دووپاتی دەکاتەوە «برۆ.. دە رە وە!»، بە ڕادەیەک تورەیە کە پێیەکانی بەزەویدا دەکێشێ. بە ڕاستی ئەمە وێنایەکی جوانی ئەوانەیە کە نایانەوێت گوێ لە پەیامی مرۆڤبوون بگرن، ئەوانەی مرۆڤ و مرۆڤبوون لە سەرو هەموو شتەکان و باوەڕەکانەوە دانانێن، مرۆڤ لە کن ئەوانەن چ نییە جگە لە خزمەتکار و قوربانییەک لە پای ڕاگرتنی لوتبەرزیی خۆیان و موقەدەسە ناموقەدەسەکانیاندا، ئەوانە بونەوەرگەلێکن تەنها لە پێستی مرۆڤبووندا، ناکارن مرۆڤگەرابن، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی مرۆڤێکی ڕاستەقینە بێت، پێویستە مرۆڤگەرا بێت و مرۆڤگەرایی بۆ ئەو دواهەمین و پایەدارترین ڕەگەزی بیر و هۆش بێ، نەک لە پەراوێزەکانی دۆگماباوەڕی و ئایدیۆلۆژییەکاندا فڕێ بدرێت.

لێرە بە دواوە تراژیدیای چێرڤیاکۆڤ بە دواسنوری تراژیدیای مرۆڤ دەگا، هەر لە تەک دەرکردنە نامرییەکەی لە لایەن ژەنراڵەوە، چێرڤیاکۆڤ پاشەوپاش بۆ لای دەرگای دەرەوە گەڕایەوە و هەر لەم ساتی گەڕانەوەیەدا، کتوپڕ هەستی کرد ئەندامێکی جەستەی لە هەناویدا لێک دەترازێ، بێ ئەوەی هیچ ببینێ یا ببیسێ، ئەو چووە سەر شەقامەکە و بەرەو ماڵەوە کەوتە ڕێ، ئێجگار سەخت ڕێگەی دەبڕی و بەم لاولادا دەکەوت، هەرچۆن بوو گەیشت و بێ ئەوەی جلوبەرگی کارکردنی دابکەنێت، چێرڤیاکۆڤ بەسەر قەرەوێڵەکەی دا پاڵکەوت و بەم شێوەیە مرد.

**تێبینی:**

ئەوە ناونیشانی چیرۆکەکەی چێخەڤە، کە بەمانای مردنی «چینۆڤنیک» دێت، وشەی چینۆڤنیکیش Смерть чиновника *

واتای کەسێکە کە لە بواری خزمەتی دەوڵەتیدا کاردەکات و بەرپرسیاریی هەیە.

-ئەم چیرۆکە ساڵی ١٨٨٣ نووسیویەتی و بڵاوی کردووەتەوە.